# حەمەنامە (24)

**سلێمان عەبدوڵلا یونس**

slemanyunes@.co.uk

سەرکێشترین و یاخیترین نوسەر لەبەرامبەر دەسەڵاتی کوردیدا ، ئەوەتا سانا کەوتە داوی دەسەڵاتەوە و پەردەی لەسەر هەموو ئەو گومانانە هەڵماڵی و لەدواجاردا بۆ هەموانی سەلماند کەئەو نەک نوسەرێکی یاخی نی یە لەئاستی دەسەڵاتی کوردیدا ، بەڵکو وەکوو ئیمەمانان پێیمان وابوو ڕاست دەرچوو یاخی بوونی ئەو بە فەرمانی بەشێکی ئەو دەسەڵاتە بوو لە بەشەکەی دیکەی ئەو دەسەڵاتە ، هەر بۆیەش بوو دوای سڕکردنی ململانێ نارەواکانی نێوان ئەو دوو بەرەبابەی دەسەڵات و ڕێکەوتن لەسەر ئەوبەشە میراتە و دابەشکردنەوەی برایانەی موڵک و ماڵ و سامان و سەروەریەکانی میللەتێک لە نێو ئەو دوو برایەدا بە ڕێکەوتن و تەوافقی برایانەو ، بەشکردنی میراتی میللەتە نەخۆشەکە ، ئیدی حەمەدۆکی یاخی و کوێخاو براگەورەی ڕووناکبیری کوردی ، بەبروسکەیەک ئاشبەتاڵی یاخی بوونی خۆی پێ ڕاگەیاندراو ، بەداوەتێکی فەنی یاخی بوونی خۆی لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا بە خەڵات و پۆستی ئیداری نێو ئەو دەسەڵاتە تەسلیم کردەوە و جاڕی ئاشتبوونەوەی گشتیشی لەگەڵ



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

بەشەکەی دیکەی دەسەڵاتدا ڕاگەیاند و لەدەستپێشخەریەکیشدا هەڵەبوونی خۆی بە دەپەنجە مۆرکرد ، چونکە حەمەدۆک و براگەورەی ڕووناکبیریمان خۆی گووتەنی ( بێدەنگیش هەڵوێستە ) بەزمی شەوانەی پایتەختیش پارەی مۆڵ و پۆستی ئیداری گەورەی پیویستە .

گرنگ نی‌یە کە هەڵە دەکەین ، گرنگ ئەوەیە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە بەسەرماندا تێنەپەڕێ ، لەگەڵ بێسەر و شوێن کردنی دکتۆر کەمال سەید قادر ، کوردستان نێت لە داڕشتنی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەدا کەوتە هەڵەیەکی زەقەوە ، ئەو هەڵەیە مایەی نیگەرانی من و زۆرێک لەهاوکارانی ئەو سایتە بەڕێز و بوێرە بوو ، بەڵام چونکە کوردستان نێت خاوەنی پەیامێکی سەربەخۆی ڕووناکبیرانە بوو هەر زوو دەرکی بەو هەڵەیە کردوو نەک هەر مەردانە هەلەکەی خۆی ڕاستکردەوە و کەوتەوە سەر سکەی پەیامی ڕاستگۆیانە و سەربەخۆیانەی خۆی ، بەڵکوو بووش بەیەک لە سەنگەرە بەهێزەکانی پارێزگاری و داکۆکی کردن لە هاوکارمان دکتۆر کەمال سەید قادر ، بەڵام کاک حەمە سەعید حەسەن چونکە سەربەخۆ نی‌یەو بە بروسکە دەنوسێت هەربە بروسکەش توانای دەربڕینی هەڵوێستێکی زەبوونانە لەبەرامبەر دەسەڵات و خۆبەزل زان لەبەرامبەر هاوکارە بیسەرو شوێنکراوەکانی خۆی لە دوو ڕستەی بێسودی وادا دەردەبڕێت کە مایەی شەرمەزاری و پەژارەیەکی قوڵی روناکبیرانەیەو زەنگێکی



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

ترسناکە کە لە پاشماوەکانی خۆبەدەستەوەدانی ڕوناکبیران بەدەسەلآت بەرگوێمان دەکەوێت و ئاماژەی مەترسیەکانی ئەو خۆبەدەستەوەدان و سازش کردنانەشمان ڕوونتر دەخاتە پێش چاو .

لە چاوپێکەوتنێکدا کە ڕادیۆی (پاڵپشتی) ڕۆژی 5.11.2005 کە بەتەلەفۆن لە گەڵیان سازدا ، کاک حەمە سەعید حەسەن بەدوور لە نەریتی یاخیانەی چەند ساڵەی سویدی، ئەمجارەیان لە پایتەختی کوردستانەوە ، بەزمانی نوسەریکی ئەوەندە کەوی و وابەستەی دەسەلآتەوە ، سوکایەتی بە دکتۆر کەمالی سەید قادر و سایتە کوردیەکان بە ژوورەکانی پاڵتۆک کرد ، بەجۆرێک ئازاری بەشێک لە رۆشنبیری کوردی دا ، ئەو بەشەی کە خودی نوسەر تیایدا چەند ساڵێک بەئازادی شۆڕشی ناڕاستگۆیانەی خۆی تیادا هەڵگیرساندبوو بەمەش ڕەواجێکی باشی بۆ قەڵەمی یاخی بووی ئەوسایی و دەستەمۆکراوی ئێستای پەیدا کرد و ئەوەتا هەر بە هۆی کۆمپیوتەرێک و دابەزاندنی فۆنتی کوردیەوە بوو لە سویدەوە وەکوو ژەنەڕاڵێکی بەزیوی ڕووناکبیری لاف و گەزاف لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا لێدەدات .

ئەوەی جێگای سەرنجە و تاڕادەیەکی زۆریش مایەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە بە تەنها ئەو هەلوێستە زەبوونە نیە کە کاک حەمەسەعید حەسەن لەڕادیۆی پاڵپشتی دا دووبارەی کردەوە ، کەداوی کرد بەرێز سەرۆکی هەرێنی کوردستان بەسۆزەوە لە



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

دکتۆر کەمال بڕوانێت ، بەڵکوو ئەوەی مایەی سەرنجە و هەڵدەگرێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە ئەو بەڕێزە گەرەکیەتی هەموان بەچەشنی خۆی فریو بدات و لە ناوەرۆکی ئەو کارە قیزەوون و نادیموکراسیانە کەم بکاتەوە کە بەرامبەر بە دکتۆر کەمال کراوە لە لایەن دەزگاکانی ئاسایش و پاراستنی پارتیی‌یەوە کە پرۆتستۆیەکی کوردستانی گەورەی بەتایبەتی لەلایەن نوسەران و رۆشنبیرانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی لێ کەوتەوە ، پێم وایە دەنگ هەڵنەبڕینی نوسەرانی ناوخۆی کوردستان بەتایبەتی نوسەرانی هەولێر لەبەر ئەوە نی‌یە کە پارتی دەخوازێ لەرێگەی کاک حەمە سەعید حەسەنەوە ڕای گشتی پێچەواشە بکات گوایە ئەم مەسەلەی بێسەروشوێن کردنەی دکتۆر کەمال هیچ دەنگ دانەوەیەکی لەلایەن نوسەران و ڕۆشنبیرانی هەولێرەوە نی‌یە ،ئەگەر ئەم قسەیە ڕاستیەکی تێدا بێت ئەوەیە کە نوسەران و ڕۆشنبیران لەکوردستان بەگشتی و لە هەولێر بە تایبەتی خاوەنی ئەو فەزا ئازادە نین کە تیایدا بەئازادی بنوسن و بەئازادی ڕای خۆیان بخەنە ڕوو، من لێرەدا بە داوای لێبوردنەوە لە نوسەرانی ناو وڵات ، تێدەگەم کە ئەوان چۆن گیرۆدەی هەلوومەرجیکی دژوار بوونەتەوە ، تێدەگەم کە چۆن( نان لەگەرووی نەهەنگ دایە ) تێدەگەم چۆن هەموو دامەزراوە ئەدەبی و ڕووناکبیریەکان لە لایەن ئەو دوو زلحزبەی کوردستانەوە چۆن قۆرغ کراون ، تێدەگەم چۆن پۆستە ئیداریەکان چۆن لە لایەن کەسانی نەشیاوی ناو حزبەوە



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

بەڕێوە دەبردرێن ، دەنا کێ هەیە بڕوا بەوەبکات کە فراندنی مرۆڤێک جا کە ئەو مرۆڤە نوسەر و ڕۆشنبیر و یاساناس و مامۆستایەکی زانکۆش بێت ، مایەی بێدەنگی لێکردن ، یان دەنگدانەوە نەبێت تۆبلێی کاکە حەمە ڕاست بکات چارەنوسی مرۆڤ لە کوردستان ئەوەندە کەم بایەخ بێت تەنانەت توێژی چاوکراوەی ڕووناکبیرانیش لە ئاست بێسەر و شوێن کردنی دا قروقاپ بکەن و بێدەنگی هەڵبژێرن ؟!

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا کاک حەمە سەعید حەسەن هێرشی زۆر ناڕەوای کردە سەر زۆربەی نوسەرە ئازادیخوازەکانی کورد لە دەرەوەی کوردستان ، جارێکی دیکەش خۆی کردەوە بەکوێخاو دەمڕاستی ڕووناکبیریمان و ڕاست و چەپی خۆی کوێرانە وەشاند و ناسنامەی نوسەری بوونی بەخشیەوە و لە بڕیارێکدا کە سەرچاوەکەیان ئیرەیی و ترس لە توانای ئەوانی دی و دڵخوازی بوون یان چاو پێ هەڵنەهاتن و ڕق لێ بوونەوەی کوێرانەوە هەلقولابوو ، لەدەروونی نوسەرێکی نەخۆشەوە بێ دوو دڵی نەیتوانی ڕقی خۆی لە سایتێکی وەکوو کوردستان نێتیش ، کە هەمیشە خۆی لەسەر تۆپی نوسەرەکانی بینیوەتەوە بشارێتەوە ، کەچی سوک و سانا فەرمووی لەسەدا نەوەدی ئەوانەی بۆ کوردستان نێت دەنوسن هیچیان نوسەر نین ، بەمەش ناوبراو جارێک سوکایەتی بە زۆربەی هاوکارانی ئەو سایتە کوردیە ناسراوە کرد ، جارێکی دیکەش بە کاک عومەر فارسی بەڕێز کە وەکو سەربازی ون ساڵانێکی دوور و



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

دریژ بێ ووچان خزمەتی وشەی ڕەسەن و ئاستی بەرەو پیش بردنی ڕۆژنامە نوسی کوردی بەتایبەت لە بواری ئەلکترۆنیدا دەکات ، ئەوە جگە لەوەی کە منیش و خوێنەران لەم ماوەیەداو هەر لە سایتی کوردستان نیتدا شایەدی دەرکەوتنی چەند قەڵەمێکی بەتواناتر و بەپێزترین لە قەڵەمەکەی کاک حەمە سەعید حەسەن ئەوە سەرەڕای ئەوەی کەنابیت ئەوەش فەرامۆش بکەین ، کە نوسین و هەڵوێست دوانەی هەمیشەیین لەهەناوی مەعریفەدا.

من جارێکی دیکەش دووبارەی دەکەمەوە نوسین بەقەد ئەوەی مەسەلەیەکی مەعریفییە پرۆسەیەکی مۆراڵیشە ، هەر لەو سۆنگەیەشەوە بوو لە پاڵ پشتیوانی تەواوم بۆ دکتۆر کەمال نوسیشم بەلاَم من لەگەڵ شێوازی دەربڕین و زمانی زبری نوسینەکانی نیم ، بەلام ئایا دەکرێ کاک حەمە سەعید حەسەن وەک ئێمەمان و بگرە زیاتریش دژی زمانی زبری نوسینەکانی دکتۆر کەمال بێت ؟ لەکاتێکدا کە خودی خۆی دامەزرێنەری ئەم شیوازە ناشیرنەیە کە هەر خۆی بە جنێو دان پێناسەی دەکات ، ئەو دەمێکە بەو زمانە دەنوسێت هەق وابوو بەر لە هەموان ئەو پارێزگاری لە دکتۆر کەمال کردبوایە ، ئایا کاکە حەمە بیری چووە کە ڕوو لە شێرکۆ بێکەسی لووتکەی تانهۆی شیعری کوردی دەینوسی ( پۆل پۆل دەڕۆن و ڕەو دەکەن ، پەنا بۆ ژێر چەکمەی بەعس دەبن ) مەبەستی بوو لەگەرمەی شۆرش و گیانبازی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی دا ، بە شۆڕشێک



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

نەک بەسەرۆک و بنەماڵەیەک بڵێی( جاش) کەواتە تۆ بەر لە دکتۆر کەمال ئەو ئاوەت ڕشتووە ، ئەگەر ئەمە تاوان بێت و بڕیار بێت خەڵکی لەسەر دادگایی بکرێت تۆ دەبیتە یەکەمین بەرپرسیار لەو بارەیەوە ، برۆ چاوێک بە ( پاشای عەرشی کەلاوەو ، ساتیرە شیعرەکانت و جەلالینامە و ئەو سەرکۆمارنامەیەی کە من بە حەمەنامەکەم کردمە تۆزی بەرباد و بلقی سەر ئاو ، بخشێنەوە ، بزانە هەموو هەوڵی تۆ بۆ ئەوەنیە بە یەکێتیی و سەرکردەکانی بڵێی ئێوە جاشایەتی نەک پێشمەرگایەتیتان کردووە ، هەر لە و پیناوەشدا بە مامەڕیشەی سیمبولی بەرگری کورد دەڵێی پیاوکوژ!! ئایا خوێنەری بەڕێز ئەمە جنێو نیە کە حەمە سەعید حەسەن ، تۆمەتی نێربازی دەداتە پاڵ سەرکردە و فەرماندەکانی یەکێتیی ، تکایە سەرنجی ئەم دێڕە شیعرەی وەرگری بەرێزی خەلاتی ئاراس بدەن ( تیپی تۆپخانە بەکارە ، داستان لەسەر داستان تۆمار دەکەن ، چەند دانەیەک لەهەلۆکان لە ناوجەرگەی شار سەقز ، مناڵ بەپشتێن سەر دەخەن ) ئەرێ بەڕاست کێ خاوەنی فەرهەنگی جنێو و ئەم زمانە عارەیە کە بووەتە پەڵەی سەر تەلاری قەشەنگی ڕووناکبیریمان تا ئێستاش ؟



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!